# پێویسته ئافرەتان بازنه داخراوەكان ببەزێنن

دڵسۆز عەبدوڵلاَ دەرچووی پەیماگای مەڵبەندی مامۆستایانی رانیه بەشی زمانی ئینگلیزی ، ساڵی ١٩٨١ لەدایك بووه و لەساڵی ٢٠٠١وه وەكو بێژەر و ئامادەكاری بەرنامه له تەلەفزیۆنی زاگرۆس كەناڵی رانیەی ئەوكات و TV دەروازەی ئێستا و رادیۆی دەنگی كوردستان كەناڵی رانیه بەبێ دابڕان ، تا ئێستاش تێكەڵ بەكاری راگەیاندنه ، ئەمه هیوایەیەتێكی ئەوه هەر له منداڵیەوه له راگەیاندن كار بكات به خۆشحاڵیەوه، ئەو خەونەشی ئێستا هاتۆته دی

دیمانه / نوره فازل



★ بێژەری لای تۆ چی دەگەیەنێت؟

ـ بێگومان كۆمەڵێك فاكتەر هەن وا له مرۆڤ دەكەن كه حەزی بۆ كارێ بچێت لەناویاندا هەر مرۆڤێك و به شێوازێك كارێك بۆخۆی دەستنیشان دەكات، لەوانەش كه من هەڵمبژاردووه كاری بێژەریه، بەهرەیەكه كه له خودی مرۆڤدا پەیدا دەبێت و بەردەوام بوون لەو كاره و نزیك بوونەوه له بازنەی رۆشنبیری و هاتنەدی خولیاكانی خۆم و پێشكەش كردنی خزمەتێك لەو شوێنەی كاری تێدا دەكەم، بەتایبەتیش ئێمەی ئافرەت بۆ سەلماندنی بوونی رەگەزی خۆمان و بەرەنگار بوونەوەی هەموو ئەو كۆسپانەی كه دێنه سەر رێگای مێ گەڕانەوەی مافه مرۆڤایەتیەكانی ئافرەت و بەها كۆمەلآیەتی و سەندنەوەی مافه زەوت كراوەكان كه چەندین ساڵه له كۆمەڵگای پیاوسالاریدا بێبەش كراوین لێی، ئەمانه كۆمەڵێك هۆكارن كه پاڵ به كەسەكەوه دەنێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی كه هەیەتی، بۆیه منیش هەستم كرد شتێك هەیه دەبێ پێی بگەم تاكه هەست به ئاسوودەیی بكەم، ئەویش بێژەریه.

★ بەڕای تۆ بێژەری هونەره یان زانسته؟

ـ هەموو مرۆڤێك كۆمەڵێك پرسیاری ئاڵۆزی له مێشكدا هەیه، ئەم پرسیارانەش رەنگه له كەسێكەوه بۆ كەسێكی تر جیاواز بێت وه له رەگەزێكەوه بۆ

ڕەگەزێکی تر جیاواز بێت، ئەو پرسیارەی هەمیشە لە مێشکمدا دەسوڕێتەوە هەمیشە لەخۆمی دەکەم ئەوەیە هونەری بێژەری کارێکە مرۆڤ دەتوانێت بە جوانترین شێوە و بەشێوەیەکی زانستی خەڵقی بکات، واتە دروستی بکات، وەك چۆن کەسێك موزیك ژەنە، شێوەکارە، شانۆکارە، شاعیرە یا ئەدیبە....... هتد ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کارەکە جوانتر دەکات و ئیشی لەسەر دەکات، بەهەمان شێوە بێژەری هونەرێکی بەرز و پیرۆزە لای من، کارێکە زۆر حەزم لێیەتی و هەموو هەوڵم ئەوەیە بەجوانترین شێوە ئەدای بکەم.

★ ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووت ئەبنەوە؟

ـ زۆرن، بەڵام بە ئارامی و خۆڕگرتن توانیومە ڕووبەڕوویان ببمەوەنەهێڵم لە کارەکەم دابڕێم.

★ ئایا بەشداری کردنی ئافرەت لە تەواوی بوارەکان بەتاتیبەتی کاری ڕاگەیاندن و خۆ ڕۆشنبیر کردن چۆن دەبینی؟

ـ ڕاگەیاندنی کوردی بە هەموو شێوازەکانی هەموو لایەنێکی کۆمەڵگای گرتۆتەوە بەرفراوانیەکی زۆری تێکەوتووە بەجۆرێك هەر لایەن و ئۆرگانێك دەیەوێت لەرێگەی ڕاگەیاندنەوە خۆی بناسێنێت بچێتە ناو جسم و توێژەرەکانی کۆمەڵ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارئاسانیەی پێشکەوتن و ئازادیەك لەم بوارەدا هەیە، ئەوەشمان لەبیر نەچێ ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە گەیاندنی پەیامەکان، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئافرەت لەو بوارەدا نەیتوانیوە بوونی خۆیان بسەلێنن، بۆچی ئافرەتێك توانا و بەهرەیەکی چاکی کارکردنی هەیە لەترسی کۆمەڵگا ڕۆڵ ناگێڕێت؟ یان لایەنێکی تری ئەم کارە نەبوونی هاندانی ئافرەتە بۆ هاتنە ناو ئەم کارە گرنگە بە پلەی یەکەمخێزان، پاشان دەرفەت ڕەخسان لەلایەن دەوروبەرەوە ئەو ژینگەی تێیدا دەژی وە چەندین مەسەلەی تر کە ڕێگرن، بەبڕوای من ئافرەتیش توانای کارکردن و گۆڕان و داهێنانی هەیە، شایستەی ڕەگەزی بەرامبەر.

پێویستە ئافرەتان بازنە داخراوەکان ببەزێنن و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن بەشداری ڕاگەیاندنەکان بکەن و دەنگیان هەبێت.

★ ئەگەر بپرسین لەنێوان کاری ڕاگەیاندن و پلەی وەزیفیت کە مامۆستای زمانی ئینگلیزی و ئەرکی ماڵەوە کامیان تێیدا زۆر ماندوو دەبیت؟

ـ لەڕاستیدا هیچ کارێك بێ ماندوو بوون نایەت دی، منیش توانیومە بەرنامە ڕێژیەك بکەم بەو حوکمەی کە پەروەردە کردنی منداڵێکیشم لەسەر شانە، لەوانەیە تۆزێك بۆمن قورس بێت، بەڵام بە پشتیوانی هاوسەرەکەم کە هەمیشە ڕێ نیشاندەرم بووە بۆ سەرکەوتنی کارەکانم یارمەتی زۆرم دەدات، لە کۆتایی هەموو ئەو ماندوو بوونەم بیردەچێت کە بەرنامەیەك پێشکەش دەکەم و تێیدا سەرکەوتووم و دەستخۆشیم لێ دەکەن، ئەمە گەورەیە بۆمن و خزمەت کردنی جگەر گۆشانی وڵاتەکەم بە پەروەردەیەکی جوان بۆ داهاتوو.

★ کە بپرسین بڵێین تۆ مکیاژ دەکەی ؟ وڵامتان...؟



ـ مرۆڤ حەزدەکات جوان بێت، بەڵام ئافرەت بەرێژەیەکی زۆرتر.

مکیاژ کردن خۆی لەخۆیدا هونەر و زەوق و سەلیقەیە، راستە مرۆڤ بوونەوەرێکی جوانە لەناو مرۆڤیشدا رەگەزی مێ ئافرەت جوانترە، بەڵام هەر ئافرەتێك بە دیقەت مکیاژ بکات جوانیەکانی ئاشکراتر و روونتر دەبن، بۆیە دەڵێم مکیاژ بۆ ئافرەت گرنگە و منیش مکیاژ دەکەم.

⋆ کارکردنی لە دەرەوەی ماڵ بۆتە زامنی گەڕانەوەی مافەکان؟

ـ لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا کارکردنی ئافرەت لە دەروەی ماڵەوەدا وا هەڵدەسەنگێندرێت کە پێویستیەکی ئابووریە، بۆیە بە کارێکی ناسەرەکی کاتی سەیر دەکرێت. پێویستە ئافرەتی روناکبیری کورد خەبات لەپێناوی ئەوەدا بکات کە کارکردن بوونی لەشوێنی کاردا رەنگدانەوەی یەکسانی لە ماف و ئەرکیدایە لەگەڵ پیاودا، لەهەمان کاتدا دەبێتە روێکی گەشی شارستانی لەنێوبردنی چەوسانەوەی بەهێزبوونی کە بەوهۆیەوە دەتوانێ مرۆڤێکی بەهێز پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات.

⋆ ئەمانە چی دەگەیێنێت؟

ـ کوردستان: بەهەشتی مرۆڤ و ناسنامەی مرۆڤەکانە.

بێژەری: بەشێکە لە ژیانم و خولیای هەمیشەییمە.

دایك: رەمزی سۆز و پاکی و جوانی و میهرەبانیە.

ئێڤار: کورە چاوگەشەکەم خەمرەوێنمە، هەتا دەمرم قەرزارباری کورەکەمم، چونکە هەندێ جار لە سۆزی دایکایەتی بێبەشم کردووە.

⋆ دەتەوێ بڵێ چی؟

ـ با ئافرەتان ئەو تەوقە بشکێنن چیدی گۆشەگیر و دورەپەرێز نەبن. لە کۆتاییدا زۆر سوپاس بۆ کوردڤین بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە.